# هاوڕێیەکم هەیە ڕەنگی لەڕەنگی (بـــــا)ئەچێ !..

حەمەشـوان شەریـف
Hamashwan1@hotmail.com
سوید 20050109

زۆرینەمان مردو بەرستە و زیندو کوژ
بۆیە ئەو مرۆڤانەی ماون لەژیاندا من تاماوم
ڕاستگۆم لەگەڵیانداو ڕێزیان لێدەگرم .
پێشکەشە بە* هاوڕێم لارزۆ بەکر

* * *

بیرلەپیری مەکەرەوە
کە ڕووباری دڵت
هێشتا تینویی ماچێکی شەپۆلە
بیر لە هەناسەی ڕژاوت مەکەرەوە
کە شوشەی مەرگ
خاڵیبووە لەڕوانین و سەری پربووە لەتاریکی !
بیرئەوەندە مەکەرەوە !.
بێ بە لای منەوە هاوڕێ !
لێوان لێوم لە دڵتەنگی و بۆ هەمیشە لەگەڵ مەراقا ئەگەڕێم
سێبەرەکەم چەمایەوە بۆ بینینێک
کە دەزانم ئەو بینینە قەت نـــاییبینم !.
دارستانی دڵداریمت بۆ نا گێڕمەوە
نە با خوانەکردە دڵدارێکی دڵ تەنک
باڵی لە گۆمێکی گومان بسوێ و سەریبدا لە کێل و شیری * لێوێز 1*
بێ بەلای منەوە تەنیا تیرین گوێگرم لە(بـــا)جوانتر
ناسکتر لەکریستاڵ
بەرزتر لە هەندرێن و ڕەقتر لەبەرو و قوڵتر لەخەرەند !
ئەی بەهێیی هۆنراوەیەکی ڕەنگ زەردم
نامەوەوێ بگەیتەفریام !. من خۆمدەناسم بەخەمەوە جوانم
لەتۆ زیاتر
من
نە کەسێ لە 16ی سێ ی 88 دا جگەرەیەکی

بۆ داگیرساندوم و
نەهەتاوێک ئەرخەوانی لقێکی ماچ کردوم و
نەبارانێک خۆی تێسویم
نەبولبولێکی فاڵک * گۆرانیەکی پڕبەدڵم چڕی
نەهەورێک چاوەڕێم دەکاو نە بەفرێ خۆی ئەخاتە ژێرشانی کەوتوم
هەی لە بـــا فێنکتر !..
هەی شنەی دارستانەکانی پرسیارە گرێ لێدراوەکانی خەریبیم .
من (بـــــا) دەبینم و ڕەنگی بۆ کەس ئاشکراناکەم ! .
بـــا م هەیە بۆ ڕاسپاردە نیهێنیم بۆ کەس نادرکێنێ
لەگەڵمنا ئەگری بەچیرۆکی دووگەڵاکە* دەمخەوێنێ
بەڵام ...بەڵام کۆترێکی ڕەنگ ڕەش شکنابەم بۆ ئاشتی .!
بێ بەلای منەوە
من نامەوێ سێبەرم بی و بەزەیی دڵت بگەزێ و
بەفری چاوت لەبەر هەتاوێکا بێ بەهەڵم
نامەوەی لقی شکاوی هەناری درەختم موتوربەکەی

بیر ... بـــیـــر
بیر لەمن مەکەرەوە
من
سپێدەیەک گیانی بە سێبەر بەخشیووم
سەرخۆشێک لە *(ماشتەراند *2
گوڵەکانی فرۆشتوم بە قەدەر و
پێڵاوەکانم بەتف و ئایندەم بە چاوەڕوانی ! .
تۆ بیر لە جەنگ مەکەرەوە
با مرەکەبی ڕۆژگار لەلات بەرەو کاڵبوونەوە نەچێ !.
ئەو خەمانەی پەرژینیان بۆ پێکەنینت هەڵچنیوە بیدەبەمن
من دەمێکەڕەنگ و دەنگی پێکەنینم هەڵنەسویوە لەباڵای لێوی وشکم .
هاوڕێ
چیرۆکی سەخۆشەکەی ماشتەرانم* بۆ تەواو نەکردی
لەدەریاچەکە بەباسکەمەلە پەڕیوە و ملی کۆشکە کۆنەکەی سوڵتانی گرتەبەر
چووە ژورەوە و نەهاتەدەر
بەدیار چەند ژمارەیەک لەکاروانی قیاغەکەوە* ئاوی قاچم داهات
بارانی دونیا وەری بەسەر من و چاویکەکەما

نەهات و نەهات     من ئتر لەبینینی کەوتم .
بۆبەیانی لەڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی (G p)*دا خوێندمەوە
کهولیستێک *لەژێر باڵی سەرمای شەودا لەشی بە( ئاو) بەخشی ...
هاوڕێ دەترسم ڕۆژێ قسەیەکمان نەبێ بیڵێین
سەری ڕستەیەک بڕابێ و
بە ڕاسپاردەی بەشی پەڕەکانی مردن
لەکەوانەیەکی گۆڤارێکا ( - ) ناوی من یان ناوی تۆی لێنوسرابێ ...!..
بەرلەوەی لەگەڵ مردنا بجەنگێم
تـــۆ لەم ڕۆوە لای من ڕەنگت لەڕەنگی( بـــا) ئەچێ ..

* لێوێز :. چامێک شیر دادەنرێت لەنێوانی ئەو کچ و کوڕەی پێکەوە لەشوێنکی چۆڵدا دەمێننەوە و دەنون بۆ ئەوەی هیچ کاردانەوەیەکی سێکسی سینەیان نەدڕێنێ لەکۆندا کلتورێکی هیندۆکەکان بوە و پێیان وتوە لێوێز .
*ماشتەراند جێگەیەکی جوانە بۆ گەشت و گوزار دەکەوێتە بەشی چەپی یۆتەلاندی سویدەوە .
*GP ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی سویدە .
*کوهولست : بەهەمیشە مەست .